www.kurdistannet.org
2-1-2006 18:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# زنجیرە ئەڵقەی هەڵبژاردن..... دوا ئەڵقە ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com



هێندەی نەماوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئاشکرا بکرێن، پێش ئەوەش شێخ مەسعوود بریفکانی سەرۆکی لیستی (502) کە تەنها خۆی پاڵێوراویەتی لە پارێزگای دهۆك، نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی کوردستان کردووە و بە ( (سەرۆکی هێژاو فەرماندەو برای گەورە) ) وەسفی کردووە * بەڵکە ئەوە خوایە سەرۆکی کوردستان لە کابینەی حکومەت (عێراق یان کوردستان) شتۆکەیەکی پێ ببەخشێت.

ئەوە سییەم هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجام بدرێت بەسەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڵام نازانم کامتان گوێتان لە ناوی (سەفوەت رشید) بووە کە پارێزەرێکی کوردەو ئەندامی ئەنجوومەنی ئەو کۆمسیۆنەیە و بەحیساب نوێنەری کوردە تیایدا، ئەری بەڕاست خۆ (عادل اللامی) بۆمان چاترە.

کۆمسیۆن ئەگەر کەم و کوڕیشی هەبووبێت وەلی مادام توانیویەتی زۆربەی هەرە زۆری کیانەسیاسەکانی عێراق بە بڕیارەکانی خۆی ڕازی بکات کەواتە سەرکەوتوو بووە.

دوو شت کە لەو هەڵبژاردنە پێشبینی بۆ نەدەکرا ڕوویدا:

1. وەدەستهێنانی لیستی 561 بۆ دەنگێکی فرە کە لەسەرجەمی کوردستان گەیشتە نزیکەی سەدو پەنجاهەزار دەنگ.
2. بەدەست نەهێنانی لیستی 730 لە بەغدا بۆ تەنها کورسیەکیش، ئەی باشە ئەو هەموو کوردەی بەغدا (کە ژمارەی دەنگدەرانی زیاتر لە سی سەد هەزارە) دەبی دەنگیان بۆ کێ دابێت؟؟نازانم بڵێم خەتای سەرکردایەتی کوردە یان کوردە فەیلیەکان (کە ئاینزایەتیان پێش نەتەوایەتیتیان)، ئەو کۆنفراسەشی کە پێش چەند ڕۆژێك لەهەولێر بۆیان سازدرا، دادی کێش کردنی دەنگەکانی نەدا.

لەو هەڵبژاردنەی ئەمجارە، بێ شانسترین پاڵیوراوان، پاڵیوراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بوون لە بەغدا لە نێویشیان (کەماڵ حسین غەمبار) پاڵیوراوی ژمارە (20) کە پێشتر پایەکی چاکی هەبوو (بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بۆ دڵدانەوەی ناوبراو، نازانم لیستی هاوپەیمانی دەیخاتە نێو کورسی نیشتمانی یان نا؟

لە هەڵبژاردنێکی تر، دەتانبینمەوە.

*دەقی ئەو نامەیە لە ژمارە (2019) ی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبۆتەوە

بەشەکان: 1 – 2 – 3 - 4 - 5 - 6